# لە هاوڕێیانەوە بۆ منداڵی سەردەم



## خوێندنەوە



بەدرێژایی مێژوو ئەوە سەلماوە کە خوێندنەوە زۆر بەسوودە بۆ مرۆڤ، چونکە لە ڕێگەی خوێندنەوەوە مرۆڤ ئاشنادەبێت بە مێژوو و دابونەریتی میللەتان، بەدەستهێنانی زانستو زانیاریی هەمەڕەنگی بەکەڵک بۆ ژیان، سوودوەرگرتن لە ئەزموونی مرۆڤو میللەتەکانی تر، بۆ خۆپاراستن لە دووبارەکردنەوەی هەڵەی ئەوانی تر، بەهێزکردنی خەیاڵکردنەوەو داهێنانو ڕەخنەگرتن. بۆیە کارێکی چاکە هەموومان، بەدەر لە کتێبەکانی قوتابخانە، کتێبی هەمەجۆر بخوێنینەوە، وەک چیرۆک، ڕۆمان، شیعر، زانست، مێژوو، جوگرافیا...هتدو کاتی خۆمان بەفیڕۆنەدەین، چونکە ئەو کاتە لەدەستچوو هەرگیز ناگەڕێتەوە.

**نەرمین عوسمان – بەختیاری (سلێمانی)**

## وەرزش بۆ هەمووان



بردنەوە لە وەرزشدا یەکێکە لە خەسڵەتەکانی دەوڵەتی هاوچەرخو بەڵگەی بەهێزییەتی. بۆیە سەرکەوتن لە یارییەکانی ئۆلۆمپیدا نیشانەی بەهێزیو پێشکەوتنی میللەتانە. بۆیە پێویستە منداڵەکانمان بایەخ بە وەرزش بدەن، لەپێناو دەستەبەرکردنی تەندروستیی جەستەو ئەقڵو دەروونیدا. بەوپێیەی وەرزش نەخۆشییەکان لە مرۆڤ دووردەخاتەوەو پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی بەهێزی بۆ دابیندەکاتو وای لێ دەکات بەرەنگاری گرفتەکان بێتەوەو چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. بێگومان وەرزش تەنیا بۆ منداڵ باش نییە، بەڵکو گرنگو پێویستە بۆ گەورەکانو نێرو مێش.

**شیلان عەلی – هەڵەبجەی شەهید**

## دەرگاکان



کەسێک چووە لای پزیشکێکی دەروونی بۆ چارەسەر، کاتێک گەیشتە کلینیکەکە بینی لەسەر دەرگاکە نووسراوە: «ئەگەر نەخۆشیت بۆ لای ڕاست برۆ، ئەگەر نەخۆشیش نیت، بچۆرە ژوورەوە.» جا لەبەر ئەوەی کەسەکە نەخۆش بوو، بەرەو لای ڕاست ڕۆیشت. گەیشتە دەرگایەکی تر کە لەسەری نووسرابوو: «ئەگەر خێزانداری لەم دەرگایەوە بچۆرە ژوورەوە، ئەگەر سەڵتیش لە دەرگاکەی ترەوە بچۆرە ژوورەوە.» لەبەر ئەوەی کەسەکە خێزانداربوو لە دەرگاکەوە چووە ژوورەوە. زۆری پێ نەچوو گەیشتە دەرگایەکی تر کە لەسەری نووسرابوو: «ئەگەر موچەکەت ملیۆنێک دینارە لە دەرگاکەوە بچۆرە ژوورەوە، ئەگەر لەوەش کەمترە دەرگای دەستەڕاست بگرەبەر. لەبەر ئەوەی کەسەکە موچەکی نەدەگەیشتە ملیۆنێک دینار، لە دەرگای دەستەڕاستی بەکارهێنا، کەچی خۆی لەسەر شەقامەکە بینییەوە.

**شاڵاو ئەنوەر– زەرگەتە (سلێمانی)**

## خۆر هەناسەدەدات



دەزانیت ژمارەیەک توێژەر لە بواری زانستە سروشتییەکاندا سەلماندوویانە کە خۆر هەناسەدەدات. ئەمەش لە ڕێگەی دووربینێکی فەڕەنسیو مانگێکی دەستکردی ئەمریکاییەوە. هەناسەدانی خۆر بەو شێوەیەیە کە قەبارەی گەورەدەبێتو پاش چەند خولەکێک دەگەڕێتەوە بۆ قەبارەی سروشتیی خۆی. ئەم دیاردەیە هەر دە خولەک جارێک دووبارەدەبێتەوەو قەبارەی گەورەبوونەکەش نزیکەی هەزار کیلۆمەتر دەبێت.

**ئاشنا فەتاح – قەڵادزێ**